خەمەکانم کرد بە شێعر و
کردمەشانم
لە شەرِیٚ نیشتمانی دا،
تەوری گوللەی مەترەلۆزی
سپای دوژمن
دەستێکی تاشیەم و بردی
خستیە سەر سینگی دڵدارم
وتی:
ئابە خۆشەویستم
بەم دەستانە رزگار ئەبم!





## حةزليَكةري

سیٚهەزارجار
دەزگیرانم
بە دەنگ قاوکرد
تەنیا جاریٚ
داگیرکەران بە فیزە وەتیان،
سنان!
***
سیٚ هەزار جار ،
پایەگا و
لەشکەر و
سپا مان
خستەچاڵ
تەنیا جاریٚ،



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

## ساتۆري شەو

قورگم

پێنج هێلی خوێناوی کێڵاویەتی

لاقی پۆلام

هەرگیز خۆلی بەر پێی شەیتانی

لێ نەنیشت

بزنەکوێرەی شاخ شکاوی ولاتی شەو!

گورگی هارم!

لەبرسانا،

پێست و ئیسکم

بوونەتە دۆست..

بەلام گوللەی تیشکی چاوم،

شەو هەتا...

..................ڕۆژ



دياري............................................ سالح سووزةني

ریگە.... دەبڕی و

لە بەیانێکی ئارامدا باڵی ئەوەستێ!

ژەنگە سوورەی ورووژاون!

بە خەنجەری تووڕەییتان

هاوارە قۆڵبەستراوەکان

ئازاد ئەکەن..

فەنەری ئازارەکانم دێننەوە یەک

ساتۆری شەو

«کاف» و«واو» ی سەر و شانم

ئەنجن ئەکا..

بەلا م هێشتا

من هەرماوم..

***

**خۆتانی پێ بشۆنەوە!؟**

**دەی سابۆیە،**

**رووبار**

**رووبار**

**شیعرەکانم**

**بەرەو ناخی هەموو دڵێ**

**گۆرانی خەم**

**دەڵێتەوە!**

***





## ئةمناسييةوة؟

**لەگەڵ شەپۆلی ئەویندا،**

**هەموو شەوێ،**

**تا قەراخ**

**زەریا**

**ئەهاتم**

**لەگەڵ هاژەی رووبارێکدا،**

**هەموو رۆژی**

**تا سەر سینگی**

**تۆ دەهاتم**

**من باڵی مەلی هەتاو بووم**

**هەموو رۆژێ،**

**خۆم دەساویە**

**سەر و سینگت!**

**ئەریٚ زەریا!**

**هاژەی رووبار و**

**شەپۆل و**

**گزنگی هەتاو ئەناسی؟!**



Printed with FinePrint - purchase at www.fineprint.com

